**بۆ کۆمیتەکان، ئەندامان، ئەندامانی دابڕاو و ئەوانەی لە چاک جودابوونەتەوە**

کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی ناوەندی هەڵەبجە- چاک
بەڕێزان

پێش ماوەیەک لە کۆبۆنەوەی گشتی ناوەندی چاکدا بڕیار درا کۆنگرەی نائاسایی ناوەندی چاک ڕێک بخرێت و دواتر بۆ ئەو کۆنکرەیە و هەر لە کۆبۆنەوەیەکی گشتیدا کۆمیتەیەکی ئامادەکاری پێکهاتوو لە 7 کەس هەڵبژێردرا و لەو کارەدا چەند ئەندامێکی تریش هاوکاریان دەکەن .

بەمەبەستی ئامادەکاریەکی باش و ڕێگا دان بە هەموو ئەو کەسانەی خۆیان بە ئەندامی چالاکی ناوچاکدا دادەنێن، لە کۆنگرەی دووەمی چاکدا بەشدار ببن داواتان لێ دەکەین:

1- کۆمیتەی وەلاتەکان لیستی ناوی ئەو ئەندامانە بۆ بنێرن کە دەیانەوێت لە کۆنگرەدا بەشداربن.
2- هەر ئەندامێک لە ولاتێک بێت کۆمیتەی نەبێت دەتوانێت بە شێویەکی ڕاستەوخۆ پەوەندی بە کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە یان دەستەی چاودێر یان بەرپرسی ڕێکخستنەوە بکات .
3- داوا لەو ئەندامانە دەکەین کە بە هەر هۆیەکی شەرعی لە چاک دابڕاون لە کۆنگرە دا بەشداربن ناوەکانیان بۆمان بنێرن .
4- داوا لەو ئەندامانە دەکەین کە لە ناوەندی چاک جودابۆنەتەوە لە کۆنگرەکەدا بەشداربن و بە شێوەیەکی مۆدێرن کێشەکان چارەسەربکەن و کۆنگرە باشترین جێگایە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان
.

**تکایە تا 15 ی ئەم مانگە وڵاممان بدەنەوە و لیستی ناوەکان یان ناوەکانی خۆتان بۆ کۆمیتەی ئامادەکار ڕەوانە بکەن. لە دوای ئەو بەرواره لیستەکە دادەخرێت بۆ ئەوەی ژمارەی بەشداربوان بە جێگای بەستنی کۆنگرە وە ڕابگەیەنرێت**
.

ئەندامای دوور یان لە بەر هەر هۆیەکی گونجاو دەتوانن بە ڕێگای ئینتەرنێت لە کونگرەدا بەشداربن.

کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی ناوەندی چاک
2007-11-08
Kongire_chak@yahoo.com